بۆمبی بۆردوومانی تورکیا هاوڵاتییێکی تری مەدەنی هێرەمی کوردستان لە شێلادزێ شەهید بوو

کەمێک پێش ئێستا، بۆمبێکی بۆردوامی بۆردوومانی فڕۆکەکانی سوپای تورکیا، هاوڵاتییەکی ناحیەی شیلادزێ لە ناوچەی نزارێ شەهیدبوو و کەسێکی دیکەش بریندار بوو.

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە 18ـی تەممووزی 2024، بۆمبێکی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، هاوڵاتییەکی مەدەنی بە ناوی "عوسمان مروانسی" تەمەن 32 ساڵ، کە دانیشتووی ناحیەی شێلادزێیە لە سنووری پارێزگای دهۆک گیانی لەدەستداوە و کەسێکی تر بە سەختی بریندار بووە.

شایەنی باسە، سەرچاوەی بەرزبونەوەی قوربانییەکان بە بۆردوامی، تاکز ئێستا لایەنەکانی دەسەڵات و حکومەتی هەرێم بە دەنگن لەبەرامبەر دەستدرێژی و لەشکرکێشی سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان، کە بووە هۆی ئاوارەبوونی دەیان کوند و باژێر هەروەها کۆتنەوەی دەیان قوربانی لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

عوسمان مەروانسی

زانیاری زیاتر…

چەندین ساڵە سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە و زیاتر لە چل بارەگای سەربازی بەخێی و هێزەکانی لە پارێزگای دهۆک و ئاژەڵەکانی هەولێر دروستکردووە بە بیانوی بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان، لێکاتێکدا هەرشە فڕۆکەوانیەکانی تورکیا بوونە هۆی کوژرانی زیاتر لە 130 هاوڵاتی سڤیلی هەرێمی کوردستان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا و لەسەرتای ئەمساڵ بەگوێرەی ئەنکخراوەی CPT ئەمریکی، دە هاوڵاتی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی هەرشەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە کە ئەمانە تەنها ژمارەی ڕاگەیندراوەکانن، لەبەرامبەردا چەندین هاوڵاتی تری مەدەنی لە شەنگال لە ئاژاوای پارێزگای نەینەوا کراونەتە ئامانج.